ب. ئەگەر گشتی بوو ئەوا دەبێت کارمەندی پسپۆڕیەکانی پێویست لەو نوسینگەیە کاربکەن یا بەشێوەی گرێبەست لەگەڵیان یا لەگەڵ لایەنێکی زانستی مۆلەت پێدراو کە دیاری بکرێت .

ج. ئەو کەسانەی کاردەکەن بەپێی بەندی( أ ، ب ) لە بڕگەی (2)ی سەرەوە دەبێت هەمان مەرجی خاڵی (1) یەکەمیان تێدابێت.

3. نوسینگە دەبێت ، تاقیگەی هەبێت کەکارمەندی پسپۆڕکاری تێدا بکات بۆ شیکردنەوە و دەستنیشانکردن ( تحليل و تشخيص ) .

4. دەکرێت شوێنی نوسینگە لەسەنتەری (پارێزگا ، قەزا ، ناحیە ) دابمەزرێت.

5. دەبێت نوسینگە لە ژێر چاودێری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کار بکات .

**ماددەی ( 3 ) :** کار بەم ڕێنماییە دەکرێت لە ڕۆژی بلاّوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وقایعی کوردستان.

**عبدالستار مجید قادر**

**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

---

**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ژمارە :** 176/3/4 **لە** 2015/1/12

**بەیان**

پاڵپشت بەحوکمی ماددەی(8)ی لە یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 1999 (یاسای بلاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) و لەبەر ئەوەی هەڵەیەك لە برگەی (یەکەم) لە بڕیاری ژمارە (31)ی ساڵی 2014 ڕوویداوە.

**هەڵەکەش بەم شێوەیە :**

**یەکەم:** متماندان بە هەریەك لەم بەڕێزانەی خوارەوە وەك ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیاران لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی.

**بۆیە بە پێویست زانرا بەم شێوەیە راست بکرێتەوە:**

**یەکەم:** هەڵبژاردنی هەریەك لەم بەڕیزانەی خوارەوە وەك ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیاران لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی.

**فخرالدين قادر عارف**

**سکرتێری پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

---

**ئە نجومەنی وەزیران**

**ژمارە :** 299 **لە** 2015/1/14

**بـەیـان**